زانكۆی كەركوك – كۆلێژی پەروەردە

بەشی زمانی – كوردی

# چاوگی (زاین) ورۆڵی لە بنیاتنانی وشەی نوێدا

د. ئازاد ئەمین باخەوان
مامۆستا
زانكۆی كەركوك – كۆلێژی پەروەردە

د. لیلی جلیل عباس
مامۆستا
زانكۆی كەركوك – كۆلێژی پەروەردە

## ...گی ( زاین ) و ڕۆڵی لە بنیاتنانی وشەی نوێدا

...یختە :

ئەم لێكۆڵینەوەیە سەبارەت بە چاەگی ( زاین ) ە و لە زمانی كوردیدا ڕۆڵێكی گرنگی هەیە و ...نا زۆر بەكەمی لێكۆڵینەوەو توێژینەوەی لە سەر كراوە . بەبۆچوونی ئێمە پێویستە ئەم جۆرە لێكۆڵینەوانە ...رت بە هەموو چاوگەكانی زمانی كوردی بكرێت . چونكە ئێمە بەسەرچاوەی دادەنێین و ڕەنگە زۆر شتی ...ی زمانەكەمان ئاشكرا بكات . چاەگی ( زاین ) لە پێكهاتەی گەلێك وشەی زمانەكەماندا بەشداری ...ات . هەروەها لەم لێكۆڵینەوەیەدا ئەو هاوبێژییانەش یەكاڵاكراونەتەوە ، كە لەگەڵ ڕەگی چاوگی ( زاین )دا ...كرابوون . دیسانەوە ئاماژەمان بەوە داوە ، كە چاەگی ( زاین ) تەنها یەك ڕەگی هەیە ئەویش ( زا )یە و ...یەكانی كات ( أ– یَ ) وەردەگرێت و لە ڕوخساردا لە قاڵبی ( زا – زێ )دا خۆی دەنوێنێت. ئەمیش ...ێكی نوێیە و ئەوە دەسەلمێنێت ، كە ئەو چاوگە لە بنجدا تەنها یەك ڕەگە . شایانی باسە ...یەكی گشتی ئەم لێكۆڵینەوەیە بەسەر دیالێكتی خواروودا پیادە كراوە .

...ەكی :

زمان وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی هەموو پێویستییەكانی كۆمەڵگا دابین دەكات . مەبەستیش لە ...ییەكان زەخیرەی زمانییە . ئەگەر بە شێوەیەكی بەرفراوانتر بڕوانینە دەوروبەرمان و گوێ بیستی ئەو ...داهێنان و چەمكە نوێیانە بین كە ئەمڕۆ لە جیهاندا ڕوودەدات و دێتە ئاراوە ، ئەوا ڕەنگە سەرسامان ... چونكە ڕووی بەراوردی نییە لە نێوان ئەو چەمكانە و ئەو زەخیرە زمانییەی كە لە زماناندا هەیە . واتا ...بوون و خولقاندنی شتی نوێ و هزر و بۆچوون و چەمكی نوێ لە هەموو بوارەكانی ژیاندا لەگەڵ ئەو

زەخیرە زمانییەدا هاوڕێك نین . ئەمیش مانای ئەوەیە کە زەخیرەی زمانی سنوردارە . بە واتایەکی دی کەمی وشە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی بەدوای جێگرێکدا بگەڕێین و ئەو بۆشاییە پڕبکەینەوە ، چونکە بە دابینکردنی پێویستییە مرۆڤایەتییەکان زمان بەرپرسیارە . بۆیە وەك پێویستییەکی مرۆڤایەتی و هاوکێشکردنی ئەو لاسەنگییە پەنا دەبردرێتە بەر داڕشتنی وشەی نوێ و هەوڵی داڕشتن و پێکهاتنی وشەی نوێ دەدرێت . ئەویش بە هۆی کۆمەڵێك ڕێگاوە ، کە هەر زمانە بەپێی کۆمەڵێك یاسا و دەستوری تایبەتی خۆی دەتوانێت پێویستییەکانی خۆی پێ دابین بکات .

لێرەشدا ئەرك و ڕۆڵی وشەسازی دەردەکەوێت ، چونکە وشەسازی لە پێکهاتەی ناوەوەی وشەکان دەکۆڵێتەوە و بە سەر پارچەکانیدا دابەشی دەکات . ئەم دابەشکردنەش پێکهاتەی ڕێزمانی ناوەوەی وشەکان دەردەخات . کەواتە داڕشتنی وشەی نوێ بەهۆی پارچەیەکەوە دەبێت کە مانا هەڵگربێت . بەواتایەکی تر ئەم پارچەیە دەبێتە بنەمایەك بۆ سازکردنی وشەیەکی نوێ ، چونکە هەڵگری واتایە . کەواتە بەزیادەخستنەسەر ئەو پارچەیە یان ئەو ڕەگە کە هەڵگری( واتا) یە واتایەکی دیکە دەبەخشێت . لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین : زیادە خستنەسەر بنیاتی وشە زیادکردنی( واتا ) یە. کەواتە جگە لەو مۆرفیمە بۆشانە نەبێت هیچ مۆرفیمێك بەخۆڕایی و لە خۆوە ناچێتە سەر وشەیەك ئەگەر ئەرکێکی زمانی نەکەوێتە سەر ، بۆ نمونە ڕەگەکانی ( زانین و توانین ) بەهۆی پاشگری (ا)وە ( زانا و توانا ) ی ڕۆناوە ... هتد . هەموو ئەمانە ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت ، کە کەمی زەخیرەی زمانی و زۆری چەمکی نوێ هۆکارن بۆ هاتنە کایەوەی وشەی نوێ . بێگومان کەمی و زۆری زەخیرەی زمانیش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەگۆڕێت ، واتا کەمی وزۆری وشە بەگوێرەی زمانانی جیهان ڕێژەییە . بۆ نمونە ئەگەر لەڕووی کردارەوە زمانی کوردی لەگەڵ زمانانی دی جیهان بەراورد بکەین ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە : (( بەپێی بڵاوکراوەکانی دەزگای باشرێل ) ژمارەی کردار لە ئەم زمانانەی خوارەوەدا بە ئەم چەشنەیە : زمانی فەرەنسی (١٢٠٠٠ ) کردار زمانی ئیسپانی ( ١٢٠٠٠) کردار ، زمانی ئەڵەمانی (٨٠٠٠) کردار .زمانی ئیتاڵی (٨٠٠٠) کردار ، زمانی ئینگلیزی (٦٠٠٠) کردار ، بەرانبەر بە ئەم ژمارە زۆرانە لە زمانی کوردیدا ژمارەی کرداری بنجی کەمە کەمترە لە ئەوانە . لە لایەکی ترەوە وەك زمانەکەی ئێمەش زمانێکی سروشتی‌یە وەکوو ئەو زمانانە ، دەبێت بە ژمارەی( واتا ) بگات بە هەر زمانێکی تر ، بە ئەم پێیە ، کرداری زمانەکە بە (واتاگۆڕین ) و (بەڕوخسار گۆڕین ) دەگاتەوە بە زمانانی تر ...ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زمانەکە ، هەرچەندە هەژار بێت بەکردار هەژار نییە بەئەو ڕێزمانەی ژمارەی واتا چەند جارە دەکاتەوە ))(١).

لێرەشدا پرسیارێك جێگای سەرنجە ئایا کەمی کردار و وشەی بنجی زمانی کوردی کاری کردۆتە سەر ئاخێوەری کورد بۆ دەرنەبڕینی پێویستییەکانی ؟ ئایا ئەم کەمی زەخیرە زمانییە لە کوێدا ڕەنگی داوەتەوە ؟ .

بێگومان بە تێڕوانین لە هەر فەرهەنگێکی کوردیدا ئەوە دەردەکەوێت ، کە زوربەی وشەکانی زمانی کوردی بە ڕێگای ( دارشتن و لێکدان ) پێکهاتوون ئەمیش باشترین بەڵگەیە ، کە وشەی بنجی لە زمانی کوردیدا ( بۆ ئەمڕۆ ) کەمە . بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوە لە یاد بکەین کە کەمی زەخیرەی زمانی نەبووە بە هۆی ئەوەی کە کورد نەتوانێت هزرو بیرو هەست و نەست و شتە تازەکانی خۆی دەرنەبڕێت . چونکە زمان وەك کاییەیەکی زیندوو بە بەردەوامی لە گۆڕاندایە و پێویستی کۆمەڵ دابین دەکات . ئەوجا یان لە ڕێگای دارشتنی وشەی نوێوە بێت یان بەهۆی وەرگرتنەوە یان ...هتد .

کەواتە کەمی ( کردار ) هۆیەك نییە بۆ ئەوەی ئاخێوەری کورد نەتوانێت شتەکانی خۆی پێدەربڕێت ، چونکە هەر زمانە و کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ،کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی لە زمانانی دیکە ، بۆ نمونە : دەشێ زمان هەبێت لە ڕووی ئاوەڵناوەوە دەوڵەمەندی نیشان بدات و زمانیش هەبێت خودانی کردارێکی زۆر بێت ، وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا . یان دەشێت لە نێوان هەر دوو لایاندا ( ناوەندی ) نیشان بدات . (٢) وەك زمانی کوردی لە نێوان کردارو ئاوەڵناودا بە زمانێکی ناوەند دەستنیشان دەکرێت .

هەر وەك پێشتر ئەوەمان دەرخست ، کە دەشێت هاوسەنگییەك دروست بکەین لە نێوان کەمی کرداری کوردی و زۆری کرداری زمانانی دی بەهۆی ڕوخسارگۆڕین و زیادوکەم کردنی مۆرفیم بۆ سەر کردارەکان .هەر لەم ڕوانگەیەوە دەمانەوێت تیشکێك بخەینە سەر مۆرفێمی( زایین ) و هەموو لق و پۆپەکانی ئەم مۆرفێمە یەکالابکەینەوە .

**لێکۆڵینەوە :**

ئەم چاوگە لە چەند قالبێکدا خۆی دەنوێنێت ، وەك : ( زایین ، زاین ، زاهین ، زهین ، زان ...) ئەم ڕوخسار گۆڕینەش بەپێی ناوچە دەگۆڕێت . بۆ نمونە ( زاهین ، زهین ) زیاتر لە کوردستانی ئێراندا بەکار دێت و ( زان ) لە دیالێکتی سەرودا و ( زایین ) لە دیالێکتی خواروودا ...هتد بەم جۆرە لەم ڕوخسار گۆڕینەدا ژینگە ڕۆڵی تێدا بینیوە .

بۆ یەکالا کردنەوەی ئەم چاوگە دەبێت گەشتێك بە نێو فەرهەنگە کوردییەکاندا بکەین بۆ نمونە :

١- لە فەرهەنگی ( مەهاباد ) دا هاتووە : ((زایین ، نفاس ، وجع الحمل ، سرایە ))(٣) . هەروەها بۆ وشەی ( زان )یش هاتووە : (( زان : وجع الحمل ، ولادە عالم ، عارف ( زانا ) ، عالم ، عارف ))(٤) . شایانی ئاماژە پێدانە ، کە لەم ڕاڤەکردنەدا ڕەگی چاوگی ( زاین ) و ڕەگی چاوگی ( زانین ) تێکەڵکراوە .

٢- له فەرهەنگی ( خاڵ ) دا هاتووە : (( زاین : زانی گیاندار ))(٥) . هەروەها : (( زان : بەچکە بوونی گیاندار ، ووتەیەکە بە هێندێ ووشەوەنرا ئەیکا بە اسمی فاعل : زۆر ( زان ) فرە ( زان ) ، هیچ نە ( زان ) پێ نە ( زان ) . )) (٦) . لەم لێکدانەوەیەشدا تێکەڵییەك دەبینرێت ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هاوبێژی وشەی ( زان ) و ڕەگی چاوگی ( زانیین ) .

٣- مامۆستا ( جگەر خوێن ) دەڵێت : (( زاین یا ( زان ) ژێدرێ تێنەپەڕە ، ڕەوشی زایە . بزنامە زایە –زارۆ بویە ، زارۆك ژێ ڕەبویە )) (٧) . ئەو تێکەڵییەی پێشتر بینرا لەم شرۆڤەکردنەی ( جگەر خوێن ) دا نابینرێت و ئاماژەی بۆ ( زان ) ی ( زانین )ی نەکردووە .

٤- لە فەرهەنگی ( هەنبانە بۆرینە ) دا مامۆستا ( هەژار ) ، دەڵێت : (( زهین ، زاین ، زان : منالْ هاوردن / ف/ زاییدن )) ( ٨) . دیسان سەبارەت بە ( زان ) دەڵێت : (( منالْ هێنان ، بێچو دینن ، لە دایك بوون )) ( ٩ ) .هەروەها : (( زاند – منالْ هێنان ، زارۆ پەیابوون )) (١٠).

٥- لە فەرهەنگی ( باشوور ) دا هاتووە : (( زاین : zain : زایین / ف / زاییدن )) (١١) . پاشان دەڵێت : (( زان : zain ئەوان زاین )) (١٢) . لێرەدا ( زان ) بەم جۆرە لێکدراوەتەوە : ( زا+ن ) واتە ( ن ) نیشانەی کۆیە بۆ کەسی سێیەمی کۆ .

لە کۆی لێکدانەوەی ئەو فەرهەنگانە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە مۆرفیمی ( زان و زاهین و زهین ) هەموویان یەکن و دەشێت بڵێین کە مۆرفیمەکە ( زان ) بووەو بەپێی گۆکردنی ژینگەیی دەنگی بۆ زیادکراوە ، وەکو : ( ی ، هی ، ه ) ، کە بە هیچ شێوەیەك زیادبوونی ئەو دەنگانە نەبوونە بە هۆی گۆڕینی واتای وشەکە ، بۆیە بە گۆڕانێکی فۆنەتیکی ناو دەبەین .

هەندێك لە ڕێزمان نوسانی کورد بڕوایان وایە ،کە ئەم چاوگی ( زاین – زان ) دوو ڕگیان هەیە . ئەو دوو ڕەگەش ( زا ، زێ ) یە . ئەم دوو ڕەگە لە ڕووی تافەوە جیاوازییان هەیە . چونکە ( زا ) وەك مۆرفیمێك کاتی ڕابردوو دیاری دەکات و ( زێ ) ش کاتی ڕانەبردوو .

لەم بارەیەوە ( د. وریا عومەر ئەمین ) ، دەڵێت : (( چاووگ لە زمانی کوردیدا بە ( ن ) کۆتایی دێت ، ئەم ( ن ) ە لەگەڵ یەکێ لەم پێنج فۆنیمانە دەردەکەوێ ( ی ، ا ، و ، د، ت ) ، ٢- گەر چاوگەکە ئەلفی بوو ، ا- لەگەڵ فرمانی تێپەڕا ڕەگی داهاتوو بە لابردنی ( ا ) ەکە دەست دەکەوێت ( هێنان ، هێنا ، هێن ) . ب- گەر تێنەپەڕ بوو بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتوو ( ا ) دەکرێ بە ( ێ ) وەك – سووتان ———

ـووتا ــــــــ سووتیْ )) ( ١٣ ) . پاشان لە وتارێکی دیکەدا ، دەڵێت (( شیکردنەوە دەری دەخات کە ەموو فەرمانێکی تێنەپەڕ ڕەگی ڕابردووی بە

( أ ) کۆتایی بێت بە گۆڕینی ئەم ( أ ) ە بە ( یْ ) ڕەگەکە دەبیْ بە داهاتوو . ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە ( أ ) و ( یْ ) دوو نیشانەی کاتن لەگەڵ هەندیْ ڕەگا دەردەکەون .

ئەم دوو نیشانەیە لە فەرمانی نادیاریشا سەر هەڵدەدەن ، وەك لە :

أ- ئەوان کوژران .

ب – ئەوان دەکوژرێن . )) (١٤ ) .

ئەگەر بە هەمان شێوە ( زاین –زان ) وەرگرین دەبینین ( زا ) لە ڕووی کاتەوە ڕابردووە بەڵام ( زیْ ) لە ڕووی کاتەوە ڕانەبردووە . بۆیە دەشێت بە جۆرێکی دیکە لێکبدرێتەوە بەوەی کە نیشانەی کاتی ڕابردوو (أ ) بێت و نیشانەی کاتی ڕانەبردوو ( یْ ) بێت . کەواتە (أ ) ناکرێت بە ( یْ ) بەڵکو مۆرفیمەکانی (أ ) و ( یْ ) دوو نیشانەی کاتن لەگەڵ هەندێك ڕەگدا دەردەکەون . کەواتە ئەو دوو مۆرفیمە نیشانەی کاتن و دەوری ڕێزمانی دەبینن . چونکە وەك ئاشکرایە لە زمانی کوردیدا دوو بزوێن پێکەوە دەرناکەون بۆیە دەبێت یەکێك لەو بزوێنانە لە ناو بچێت ، ئەنجام بزوێنی ڕەگەکە تێدەچێت . چونکە ( أ ) ی نیشانەی کات دەوری ڕێزمانی دەبینێت . بە هەمان شێوە کاتێك نیشانەی کاتی ڕانەبردوو دەچێتە سەر ئەو ڕەگی کارەوە وا ڕێك دەکەوێت ، کە ئەو مۆرفیمەش بزوێن بێت کە ( یْ ) یە . هەر لەبەر ئەو هۆکارەی سەرەوە ( أ ) ی ئەو ڕەگە لە ناو دەچێت و ( یْ ) جێگای دەگرێتەوە . ئەویش لە بەر ئەوەی دەوری ڕێزمانی هەیە.بۆیە ڕەگی ( زاین ) تەنها ( زا ) یە و ،کە نیشانەی کات وەردەگرێت دەبێتە ( زا ) و ( زیْ ) . هەر لەم ڕوانگەیەوە جەخت لە سەر ئەو ڕایە دەکەینەوە کە دەڵێت : (( کاری سادە لە زمانی کوردیدا نییە . چونکە هەموو کارێك لە چەند مۆرفیمێکی ڕێزمانی وشە دارێژ پێك دێت . سادەترین کار بەلای کەمەوە لە سیْ مۆرفیم پێکدیْ ڕەگ (steim) کات ( tens) جۆری کات aspect)) (١٥) کەواتە نیشانەکانی کات ( أ ، یْ ) دەچنە سەر ( زا ) و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشەکە لە ڕووی ڕوخسارو ناوەڕۆکەوە ناگۆڕن .

لێرەشدا خاڵێکی دیکە هەیە ئایا دەشێت ( زا ) و ( زیْ ) بە ئەلەمۆرفی یەکتر دابنرێت؟ بۆ وەڵامی ئەم خاڵەش هەڵوێستەیەکمان هەیە ، بەلای ئێمەوە ( زا ) و ( زیْ ) وەکو ( کوشتن و گەستن و ڕشتن ) نییە ، چونکە بەلای ئێمەوە دروستە کە مۆرفێمەکانی ( کوش - کوژ ) و( ڕش–ڕژ ) و ( گەس – گەز ) بێت ، چونکە : (( هەندیْ جار مۆرفیم زیاتر لە مۆرفێك ، واتە نوێنەرێکی هەیە وهەر یەکەیان بۆ ژینگەیەك یان جێگەیەك دەست دەدەن . مۆرف کاتێك تەواوکەری یەکتر دەبن کە دوو مەرجیان تێدا بێت :

١- هەموویان یان هەردووکیان یەك واتاییان هەبێت ، یان یەك ئەرکی ڕێزمانی ببینێت .

٢- هەرگیز هەموویان یان هەر دووکیان لە یەك ژینگەدا نەوەستن یان دەرنەکەون ، واتە هەر یەکەیان دەبێ ژینگەیەکی تایبەتی خۆی هەبێت و نەچێتە شوێن ئەویتریان )) ( ١٦ ) .

بەم پێیە ناشێت و دروست نییە مۆرفێمەکانی ( زا ) و ( زێ ) بخەینە بەر هەمان لێکدانەوە چونکە لێرەدا زیادبوونی نیشانەی کاتە بۆ سەر ڕەگی کارەکە . بۆیە ئێمە لێرەشداجەخت لە سەر ئەوە دەکەینەوە ، کە بە هیچ شێوەیەك ناچێتە ژێر خانەی ئەلەمۆرفەوە .

### ١- : مۆرفێمی ( زا ) ورۆڵی لە بنیاتنانی وشەدا :

#### دەستپێك :

پێش ئەوەی ئاماژە بە ڕۆڵی مۆرفێمی ( زا ) بدەین پێویست بەوە دەکات زۆر بە کورتی پێناسەی ( وشەو مۆرفێم ) بکەین . لەڕاستیدا پێناسەکردنی ( وشە ) بەشێوەیەکی زۆر ورد و دروست سەختە . چونکە زۆر جار کە گوێ بیستی ڕستەیەك دەبین یان ڕەستەیەك دەنوسینەوە دەشێت ژمارەی وشەکان دیاری بکەین بە تایبەتی لە کاتی نوسیندا ، بۆ نموونە :

- ئامانج دوێنێ بە فڕۆکە چوو بۆ هەولێر .

ئەگەر لەم ڕستەیە وردبینەوە دەبینیین پێکهاتەی ڕستەکە بریتییە لە ( حەوت ) وشە و جۆرە بەتاڵاییەك لەنێوانیاندا هەیە ئەمیش ئەوە نیشان دەدات ، کە بوترێت ( وشە ) بریتییە لە کۆمەڵە دەنگێك پێکەوە دێن و بۆشاییەك لێکیان جودا دەکاتەوە . ئایا ئەم پێناسەیەی ( وشە ) تا چەند ڕاستە ؟ ئەم پێناسەیە تا ئەوەندە ڕاستە کە ڕستەکە نوسراو بێت . بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ڕستەیەمان بە زار دەربڕی زۆر سەخت و دژوارەلە کاتی ئاخافتندا بتوانین سنوری وشەکان دیاری بکەین . چونکە دەشێت سەرەتای وشەی دووەم تێکەڵ بە کۆتای وشەی یەکەم بێت . هەروەها برگەکان تێکەڵ بە یەك دەبن و ناشێت لێکیان جودا بکەینەوە ، تەنها ئەو کاتە نەبێت ، کە ئەو ڕستەیەمان زۆر لە سەرخۆ خوێندەوە . کەواتە ناشێت ئەو پێناسەیە بە دروست دابنێین . ئەمە لەلایەك لەلایەکی دیکەوە لە ڕووی پێکهاتەی وشەکانەوە جیاوازییەکی زۆر هەیە ، چ وەك قەبارەو چ وەك ئەرك . بۆ وێنە : وشەی ( بە ) کە لە یەك برگە پێکهاتووە ئەرکێکی ڕێزمانی دەبینێت و ناشێت بە سەر یەکەی لە خۆی بچوکتر دابەشبکرێت و واتاش ببەخشێت . کەچی هەندێك لە وشەکانی دی هەمان ڕستە دەشێت ورد بکرێنەوە بۆ سەر یەکەی بچوکتری واتادار . کەواتە بەپێی واتا و دانانی بۆشایی‌لە نێوان وشەکان

زمانگەیەنێتە ئەوەی بتوانین ( وشە ) پێناسە بکەین ، بۆیە دەبێت هەر وشەیەك بەپێی ئەو شوێنەی کە تێیدا دەردەکەوێت و پەیوەندی وشەکان لە ناو یەکتردا دیاری بکرێت ، ئەوسا دەتوانرێت پێناسەی ئەو وشەیە بکرێت . لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پێکهاتەو دارشتە جۆربەجۆرەکانی دەستنیشان بکرێت و ئاماژەش بە سیستەمە دەنگییەکەی بدرێت . چونکە گەلێك وشەمان هەیە کە جۆرەها قاڵبی جۆربەجۆر بەخۆوە دەگرێت و زۆر چالاکە و ڕۆڵی لە بنیاتنانی وشەی نوێدا هەیە . هەروەها لە ڕووی سیستەمی دەنگیش دیسانەوە جۆرە ڕێزکردنێکی هەیە کە پێشتر کۆمەڵگا لە سەری ڕێککەوتون و ناشێت گۆڕانی بە سەردا بهێنرێت .

لە کۆی هەموو ئەمانەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین بۆ پێناسە و ناسینەوەی وشە پێویستە کۆمەڵێك زانیاری لەبەر دەستدا هەبێت ، وەك : لایەنی دەنگی و پێکهاتەی مۆرفۆلۆژی وشە و لایەنی سینتاکسی وشە و لایەنی واتایی و ... هتد

ئەمە و چەندان پێناسەی دی بۆ وشە کراوە ، کەچی نەتوانراوە چەمکی وشە دیاری بکرێت ، بۆیە زانایانی زمان بە دوای جێگیرێك دەگەڕان تا بتوانن پێناسەی وشەی پێبکەن ، چونکەچەمکی وشە چەمکێکی ئاڵۆز بوو ، بۆیە بەدوای چەمکێکی وردتر دەگەڕان ئەو چەمکەش یان ئەو جێگرەش ( مۆرفیم ) بوو . چونکە دەشێت وشەیەك لە یەك یەکەیەك پێك بێت و بەسەر یەکەی دیکەدا دابەش نەبێت . کەچی دەشێت لە هەمان کاتدا وشەیەك لە چەند یەکەیەك پێکبێت و هەر یەکەیەکیش واتایەك ببەخشێت ، یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەبێت . هەر بۆیە ( مۆرفیم – morpheme ) بوو بە جێگرو بە کۆمەڵێك جۆر پێناسە کرا . گرنگترین پێناسە بەلای ئێمەوە ئەو پێناسەیە کە دەڵێت : (( مۆرفیم بچوکترین یەکەی بنیاتی ڕێزمانییە )) ( ١٧) . کەواتە بەشێوەیەکی گشتی مۆرفیم بچوکترین یەکەی واتداری زمانییە لە بنیاتی زمان و پێکهاتەکانیدا . هەر بۆیەش مۆرفێم بە سەر دوو جۆری سەرەکیدا دابەشکرا ، ئەویش ( مۆرفیمی سەربەست و مۆرفیمی بەند ) بوو . مۆرفێمی سەربەست : ئەو مۆرفێمەیە کە بە تەنیا دەردەکەوێت و واتایەکی سەربەخۆی هەیە و بەسەر پارچەی دیکەدا دابەش نابێت . بەڵام مۆرفێمی بەند ئەو مۆرفێمەیە کە بە تەنیا دەرناکەوێت و واتا نابەخشێت . بەڵکو پەیوەستە بەمۆرفێمە سەربەستەکانی دیکەوە . ئەم مۆرفێمە بەندانە لە زمانی کوردیدا زۆر بەکارن و گەلێك وشەی نوێ ڕۆدەنێن . ئەوجا ئەو مۆرفێمە بەندانە چ پاشگر بن یان پێشگر یاخود پێشگر و پاشگر پێکەوە . هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە کەمی کەرەستەی زمانی ( وشەی سادە ) ، لە زمانی کوردیدا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ گرنگی ڕۆڵی ئەم مۆرفێمە بەندانە بۆ بنیاتنانی وشەی نوێ لە فۆرم و لە واتادا . هەر ئەمەش وای کردووە کە بە زمانێکی نوساو دیاری بکرێت .

مۆرفێمی ( زا ) وەك هەڵگری واتای کارەکەی ڕۆڵێکی گرنگ و بەر چاوی هەیە و لە گەلێك پێکهاتەدا بەشداری دەکات ، وەك :

أ- مۆرفێمی ( زا ) ڕۆڵی لە بنیاتنانی وشەی داڕێژراودا :

١- چاوگ + پاشگر > وشەیەکی نوێ .

- زاین + گە > زاینگە . ( ئەو شوێنەی منالّی تێدا دێتە دونیا ) هەنبانە بۆرینە (٣٧٥) .

- زاین + ی > زاینی .

٢- ڕەگ +پاشگر > وشەیەکی نوێ

- زا+گە > زاگە . ( جێگەی لە دایك بوون ) هەنبانە بۆرینە ( ٣٧٣) .

- زا+تگە > زاتگە . ( جێگەی لە دایك بوون ) هەنبانە بۆرینە ( ٣٧٥) .

- زا+ ییگە > زاییگە . ( شوێنێکی تایبەتە کە منالّی تیا لە دایك ئەبێ ) خال (٢١٣) ت ٢ .

- زا +گ > زاگ . ( منالّ بوون ) .

- زا + پاشگری ( اندن ) > زایاندن . ( یاری کردنی دایك لەزاندا /ف/ کمك کردن مادر در زاییدن ، مامایی کردن ) هەنبانە بۆرینە (٣٧٥) .

- زا + یش > زایش . ( زان ، بێچوو هێنان /ف/ زاییدن ) ) هەنبانە بۆرینە (٣٧٥) .

بەم جۆرە ئەوەمان بۆ دەرکەوت ، کە مۆرفێمی ( زا ) لە وشەکانی سەرەوەدا بەپێی شێوەزار گۆڕانی دەنگی بە سەر پێکهاتەکەیدا هاتووە . هەر وەك ئاشکرایە ( گا ) وەك پاشگرێك واتای شوێن دەبەخشێت . هەروەها مۆرفێمی ( گا ) لە قالّبی ( گە ) و ( گ ) یشدا دەردەکەوێت .

- زا + ڕۆ > زارۆ . ( منالّی چکۆڵە ) هەنبانە بۆرینە ( ٣٧١ ) .

- زا + ڕۆك > زارۆك .

- زا + ور > زاور .

- زا + رۆڵە > زارۆڵە .
- زا + وڵە > زاوڵە .
- زا + و > زاو . ( گیاندارێکی مێینە کە تازە بەچکەی بووبێ ) خاڵ (٢١٢) ت ٢ .
- زا + دان > زادان . ( المولد ) مهاباد ل ٣٢٠ .
- زە + یستان > زەیستان . ( زەیسان : /ف/ زن تازە زاییدن ، زانو ) هەنبانە بۆرینە ( ٣٩٣ ) .
- ز + یسان > زیسان .
- زا + یچە > زایچە . ( ڕاپۆرتی لە دایك بوونی منداڵ ) خاڵ ٢١٣ ب٢ .
- زا + یە(ە) > زایە . ( فیسارە کەس (زایە) ی لە سکە ) خاڵ (٢١٣) ت ٢ .
- زا + یی(ی) > زایی . ( ژنێ کە زۆر زگ و زا دەکا ) هەنبانە بۆرینە ( ٣٧٥ ) .
- زا + بەند > زابەند . ( دەفتەرێکە کە هەر ناوی منالی تازە بووی تیابنووسرێ )

شایانی ئاماژە پێکردنە کە لە زمانی کوردیدا کاتێك ناوێکی داڕێژراو ڕۆدەنرێت دەشێت جارێکی تر پاشگرێکی دیکە وەرگرێت و لە قاڵبێکی نوێ تردا بە مانایەکی نوێ تر دەرکەوێتەوە ، وەك :

- زارۆك + ی > زارۆکی . ( ڕۆژگاری منالی ) . هەنبانە بۆرینە ( ٣٧١ ) .
- زارۆ + تی > زارۆتی .
- زارو + تی > زاروتی .
- زیسان + ی > زیسانی . ( وەختی زان ) هەنبانە بۆرینە ل ٣٨٤
- زەیستان + ی > زەیستانی . ( ئافرەتێکە کە تازە زابێ ) خاڵ ل ٢٣٤
- زاور + ان > زاوران . (مێوینە لە دەمی منال بووندا ، زەیستان /ف/ مادر درحال زایمان، زائو ) هەنبانە بۆرینە ل٣٧٢. ... هتد

١- لە ڕاستیدا وەك لە نمونەی ( زایە ) دا هاتووە ، پاشگرەکە ( ە ) یە نەك ( یە ) ، چونکە دوو ڤاوڵ پێکەوە دەرناکەون ، بۆیە( نیمچە ڤاوڵێك ) لە نێوانیاندا دەرکەوتووە ، چونکە نەمانی هەر ڤاوڵێك دەبێتە هۆی شێوان و تێکچوونی ئەو پێکهاتەیە و لەناودانی ( واتا ) نوێکەی . هەروەها پێویستە ئەوەش یادداشت بکەین کە زۆر جار بە شێوەی ( زایا ) ش دەردەکەوێت . واتە ( زا + ی + ا ) . واتە ( ا )ی دووەم پاشگرە و ڕۆڵی ڕۆنانی وشەی نوێ دەبینێت . بەڵام ( ا )ی یەکەم ئەگەر لابرا تەنها ( ز ) دەمێنێتەوە ، کە ئاخێوەر ناتوانێت جیاوازی نێوانیان دیاری بکات ، بۆیە ( ی ) لە نێوانیاندا دەردەکەوێت ، تاوەکو هەر دوو ( ا ) دەرکەون .

شایانی ئاماژه پێکردنه ، که هەمان بۆچوون به سەر پاشگری ( ییٚ )ی وشەی ( زایی ) شدا پیاده دەکرێت، چونکه ئەو پاشگره تەنها (ی ) یه و ( ی ) یەکەم ناوبڕی دوو ڤاوڵه .

ب – وشەکانی ( زێسان ، زەیستان ، زەیسان ) بریتییه لە: ( زیٚ ، زه + ستان ) ، که (ستان )یش به مانای شوێن دێت . پاش پشکنینی زۆربەی فەرهەنگه کوردییەکان ، له فەرهەنگی خاڵدا هاتووه : (( زێسان ، زەیستان ، ژێر زەمین )) (١٨). ئەمه بۆچوونێکی دروسته ، چونکه ئافرەتی کورد لەبەر شەرم و حەیای خۆی بۆ حاڵەتی منداڵ بوون ژێرزەوی هەڵبژاردووه . هەر بۆیەش ( ستان ) وەك پاشگری شوێن بۆ زاینەکه بەکارهاتووه . پاشتر ( ی ) ڕێژەیی لەگەڵدا بەکارهێنراوه بۆ دەستنیشانکردنی کاتەکه . واته ئەو کاتەی که ئافرەت منداڵی دەبێت تا ( چل ) شەو ( زەیستان ) دەبێت ئەو حاڵەتەش پێی دەوترێت (زەیستانی ) ... هتد

٣- پێشگر + ڕەگ + پاشگر > وشەیەکی نوی

- نه + ز + ۆك > نەزۆك .
- ب + ز + ۆك > بزۆك .

وشەی ( نەزۆك ) لێرەدا بەمانای ئەوه دێت که ئافرەتێك منداڵی نەبێت . بەرانبەر بە( نەزۆك ) یش ( بزۆك ) هەیه ، که بەمانای ( ئافرەتێکه که زۆر سك و زا بکات ) . یاخود ( زۆر به زگ و زا ، زگ کەر ، دژی نەزۆك )دێت ، ( هەنبانه بۆرینه ل ٥٤) .

لێرەشدا هەمان ئەو یاسایه دووباره دەکرێتەوه ، که ( ۆ) ی پاشگری ( ۆك ) وەك ڤاوڵێك هۆکارێکی سەرەکییه بۆ لەناوچوونی ( ا) ی ( زا ) ی ڕەگی کارەکه و مانەوەی له قاڵبی ( ز ) دا . دیسانەوه ئەم وشەیه ( بزۆك ) لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا هەمان ڕوخساریان وەرگرتووه ، که ( بزۆك ) به واتای (( جوڵێنه ، جوڵێن ، وەحەرەکەت خەر )) دێت .( هەنبانه بۆرینه ل ٥٠٤) بێگومان ئەمیش جۆره لێڵییەکی دروستکردووه . چونکه به جۆرێکی دیکەش شرۆڤه دەکرێت . بەوەی وشەی ( بز )له فەرهەنگدا بەمانای ( مناڵدان ) هاتووه ،بۆیه دەتوانین بڵێین پاشگری ( ۆك)ی خراوەته سەر ، وەك :

- بز + ۆك > بزۆك .

پاشگری ( ۆك ) له ڕۆنانی وشەی دارێژراودا زۆر بەکاره و گەلێك وشەی ڕۆناوه وەك ( نەکلۆك ، نەکولۆك ) ، به مانای : ( بیژۆك – دانەوێڵەیێ که درەنگ بکولێت ) کەواته (ۆك ) وەك پاشگر لەگەڵ ڕەگی کاری ( کوڵاندن ) دا ئەو وشەیەیان ڕۆناوه . هەروەها له هەر دوو وشەی ( نەکولۆك ) و ( نەکلۆك ) دا کورتکردنەوه دەبینرێت ، ئەویش به نەمانی ( و ) ی ( کوڵ ) و دەفگرتنی له قاڵبی ( کلٚ ) دا .

شایانی ئاماژەپێدانە ( ۆك ) وەك پاشگر ئەگەر لێکۆڵینەوەی وردی لە سەر بکرێت گەلێك پێکهاتەی پێکانمان بۆ روون دەبێتەوە . چونکە لە بنیاتی گەلێك وشەدا بەشدارە ، وەك ( فرۆك ، – فرۆکە ، گەرۆك بەرۆك ، لەرزۆك ... هتد ) .

- هەر وەك پێشتر ئاماژەمان بەوەدا ، کە ئەگەر ناوێکی دارێژراو یان لێکدراو ڕۆنرا بە واتایەکی نوێ تر ، دەشێت پاشگری دیکە وەربگرێت و واتایەکی تازەتر ببەخشێت . چونکە هەر زیادییەك بخرێتە سەر بنیاتی وشە دەبێتە هۆی زیادکردنی ( واتا ) و گوێزانەوەی شوێنی هێز ، بۆیە دەشێت ئەم یاسایەش دیاری بکەین :

- وشەی دارێژراو + پاشگر > وشەیەکی نوی .
- نەزۆك + ی > نەزۆکی . ( زارۆ نەهێنان ، منالچدار نەبوون /ف/ نازایی )

هەنبانە بۆرینە ل ٨٨٣ .

... هتد .

٤- پێشگر + ڕەگ > وشەیەکی نوێ

- نە + زاو > نەزاو .( بەمانای– عقیم – دێت ). فەرهەنگی مهاباد ل ٦١٢ .
- نە + زا > نەزا . ئەم پێکهاتەیە لە نیمچە زاری ئەردەڵانیدا بەکاردێت،بەمانای (نەزۆك )

هەنبان بۆرینە ل٨٨٣

- هاو + زا > هاوزا . ( بەمانای هاوتەمەن ) .
- هەڤ + زا > هەڤزا . ( هاوزا –هاوتەمەن ) هەنبان بۆرینە ل٩٨١ .
- هاو + زە > هاوزە . بەمانای ( هاوزا ) هەنبان بۆرینە ل٩٤٢
- بە + زا > بەزا . واتا لەیەك کاتدا لەدایك بوونە ( هاوتەمەنن ) . ... هتد .

وشەی ( بەزا ) دیسانەوە لێڵی لە زمانەکەدا دروستکردووە و بووە بە هاوبێژی ناتەواو . چونکە هەمان ڕوخساری هەیە لەگەڵ ( بەزا ) ی ( بەزاندن ) . بۆیە ئەم لێڵییە بەهۆی چوارچێوەوە ( السیاق ) دەستنیشان دەکرێت ،وەك :

- لە یاریەکەدا بەزا . ( هەروەها دەوترێت : لە یاریەکەدا بەزی )
- هەر دووکیان بەزای یەکن .

له ڕستەی یەکەمدا ( بەزا ) دەگەڕێتەوە بۆ ( بەزاندن ) بەڵام لە ڕستەی دووەمدا ( بەزا ) بۆ ( زایین ) دەگەڕێتەوە . هەروەها دەبێت ئەوەش یادداشت بکەین ، کە ڕەگی چاوگی ( بەزین ) بۆ کاتی ڕابردوو ( بەز ) یە و بۆ ڕانەبردوو ( بەزێ ) یە . کەواتە مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (أ ) و مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو ( ێ ) یە ، وەك :

- دەبەزێم - بەزام .
- من دەزانم لە یارییەکەدا دەبەزێم .
- من دەزانم لە یارییەکەدا بەزام . ... هتد .

ب – مۆرفیمی ( زا ) و ڕۆڵی لە بنیاتنانی وشەی لێکدراودا :

١– ناوێك + زا > وشەیەکی نوێ .

- برا + زا > برازا .
- خاڵۆ + زا > خاڵۆزا .
- میمك + زا > میمکزا .
- خوشك + زا > خوشکزا .
- خوار + زا > حوارزا .
- هەڤاڵ + زا > هەڤاڵزا . ( توام )

- ئاو + زا > ئاوزا . ( قرینه ، اقران ، رفیق ) هەنبانە بۆرینە ل٣٥ .
- ئاین + زا > ئاینزا .
- تازە + زا > تازەزا .
- ئەنە + زا > ئەنەزا . ( تۆرە ، کچی هەوێ ، قیزا هەڤێ ) هەنبانە بۆرینە ل٢٨ .

( تیتکزا ، پورزا ، ئامۆزا ، تاتکزا ، ... هتد ) .

٢ – ناوێك + ناوبەند + زا > وشەیەکی نوێ .

- زگ + و + زا > زگوزا .( سکوزا )
- کچ + ە + زا > کچەزا .
- کوڕ + ە + زا > کوڕەزا .
- خوشك + ە + زا > خوشکەزا .

- گیسك + ە + زا > گیسکەزا .( بێچووی بزنێ کە بە بیژۆکی زاوە ) ، هەنبانە بۆرینە ل ٧٤٣
- ئاو + ە + زا > ئاوەزا .( زۆنگ ، زەویەکی ئاویکەمی لێهەڵدەقوڵێ و تەڕوشلە ، ئاودز ، ئاوجز ، ) هەنبانە بۆرینە ل ٢٨١.
- تەڕ + ە + زا > تەڕەزا . ( حەیوانی تازە زاو / ف/ حیوان تازە زاییدە ) هەنبانە بۆرینە ل١٦٢.

زۆر جار وا ڕێك دەکەوێت لە ئەنجامی لەناوچوونی هەندێك دەنگ لە وشەدا، هاوبێژی دروست بێت. بۆ نمونە ،لە وشەی ( شارەزا ) دا دەتوانین ئەوە دەستنیشان بکەین کە ( ن ) ی ڕەگی ( زان ) لە ( زانین ) ەوە لەناوچووە و لە هەندێك وشەدا لە قاڵبی ( زا ) دا مەییوە ، واتە :

- ناو + ناوبەند + ڕەگی زانین ( زان – ن ) > وشەیەکی نوێ .
- شار + ە + زا > شارەزا . ( بەڵەد ، بەڕێگەزان ، زانا لە کاروبار ، ... هتد. ) هەنبانە بۆرینە ل٤٥٢ .

هەروەها بە عەرەبیش هاتووە : ( متقن ، ملم ، خبير ، عارف ، اصل ، الخبره )

کەواتە ( زا ) ی ( زاین ) و ( زا ) ی ( زانین ) هاوبێژی دروستکردووە . هەروەها دەبێت ئاماژە بەوەش بدەین کە ( زانین ) یش بە هەمان شێوە ڕۆڵی گرنگی هەیە لە ڕۆنانی وشەی نوێ لە زمانەکەماندا ، بۆ نمونە :

- شارەزا – ناشارەزا
- شارەزاکردن : ( هدايه ، ارشاد ) .
- شارەزایی : ( درايه ، مهاره ، خبره ) .
- ناشارەزایی : ( عدم الملم ) .
- شارەزاکار : ( الدليل ، الدال ) .
- شارەزابوون : ( يصبح حسن الاكلاع على ).

... هتد .

٣- ناوێك + زا + زا > وشەیەکی نوێ .

- خاڵۆ + زا + زا > خاڵۆزازا .
- میمك +زا +زا > میمکزازا .
- برا + زا +زا > برازازا .

... هتد .

هەروەها لەم قاڵبانەشدا دەردەکەوێت :

- زا + ی + برا +زا + زا > زایبرازازا . ( نەوەی برا ) .

- زا +ی + خاڵی +زای > زایخاڵی زای . ( نەوەی برای دایك ) .

- زا + باتی + زای > زایباتیزای . ( نەوەی برای باوك ) .

- زا ی + عەم + زای > زایعەمزای . ( نەوەی خوشکی باوك ) .هەنبانە بۆرینە ل ٣٧٢

- زای + یایك + زای > زاییایکزای . نەوەی خوشکی دایك .

- زای + وار + زای > زایوارزای . ( نەوەی خوشك ) ، هەنبانە بۆرینە ل ٣٧٥ .

٤- زا + چاوگی کردن > وشەیەکی نوێ

- زا + کردن > زاکردن ( تولید )

- زا + بەند + کردن > زابەندکردن ( سجل الولادە )

٥ – زا + ناوبەند + کورتکراوەی ( زۆر ) > وشەیەکی نوێ .

– زا + و + زۆ > زاوزۆ ( تناسل ، نسل ، اولاد ) ، مهاباد ل٣٢٢ .

- زا + و + زو > زاوزو . ( بێچوو بە دنیا هێنانی زۆر )

- زا + و + زو ه > زاوزوە .

- زا + و + زوو > زاوزوو . ... هتد .

٦ - زا + و + زێ > زاوزێ . ( سك کردنی مێین یەك لە دوای یەك ) خاڵ ل٢١٢ .

٧ – زاك + و + ماك > زاکوماك ( الاغنام وافرخها ) ف مهاباد ل ٣١٢

لێرەدا پێویست بەوە دەکات هەڵوێستەیەك بکرێت ، چونکە وشەی ( زاك ) پێکهاتووە لە ( زا + ك ) یان ( زا + گ ) . بەواتای ( بەچکە ) یان ( ولید ، مولود ، ولد ) دێت . هەروەها وشەی ( ماك ) یش پێکهاتوە لە ( ما + ك ) ، ( ما ) بەواتای ( مێ ) یان ( مەڕ ) دێت . ئەم وشە لێکدراوە لەم قاڵبەدا خۆی دەنوێنێت :

- زا + و + ما > زاوما . ( زاوما : تێکەڵکردنی کار و بەرخی ساوایە لەگەڵ دایکیانا لە بەیانییەوە تا ئێوارە – ئیمڕۆ مەڕو بەرخ ( زاوما ) یە . خاڵ ل٢١٣ .

٨ – زاگ + ڕۆز > زاگڕۆز .

- زاگ + ڕۆس > زاگرۆس .( زنجیرە چیایەك لە کوردستاندا ، ناوە بۆ پیاوان ) هەنبانە بۆرینە ل ٣٧٣ .

وەك لە سەرەتادا ئاماژەمان بەوەدا ، کە وشەی ( زاگ ) پێکهاتووە لە ( زا + گ ) ، لێرەشدا دەتوانین بڵێین وشەی ( زاگرۆز ) بە مانای لە دایك بوونی ( ڕۆژ ) دەگەیەنێت و دەشێت وەك وشەیەکی لێکدراو باشا بکرێت . دیسان دەتوانین پێکهاتەی دەرەوەی ئەم وشەیە بەم جۆرە بەسەر مۆرفێمەکانیدا دابەش بکەین

زا + گ + رۆز > زاگرۆز ) . بە واتای شوێنی لە دایك بوونی ڕۆژ .

- زگ + و + زا + کەر ( کە + ەر ) لە ( کردن )ەوە > زگوزاکەر .

( ژنێ کە لە زان ناوەستێ )، هەنبانە بۆرینە ل ٣٧٣.

١٠- زا + بەند + کردن > زابەندکردن . ( تسجیل ) ، فەرهەنگی مهاباد ل٣١٩ .

١١- زارۆ + چوون > زارۆچوون .

- زارە + چوون > زارەچوون .
- زاوەر + چوون > زاوەرچوون .

... هتد .

بۆ هەمان واتا چەند وشەیەکی لێکدراوی ترمان هەیە ، کە پێکهاتەکانیان لەو پێکهاتانەی سەرەوە زۆر نزیکن و بەیەك دەچن ، وەك :

- زراو + تۆقین > زراوتۆقین .
- زراو + نەمان > زراونەمان .
- زراو + بردن > زراوبردن .
- زراو + بردوو > زراوبردوو .

وەك پێشتر ئاماژەمان بەوەدا ، کە ( زارۆ ) پێکهاتووە لە ( زا + رۆ ) و پێکهاتەکانی دیکەی کە بە واتای ( منداڵ ) دێت . لەو وشە لێکدراوانەی سەرەوەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە ، کە ( زارۆ چوون ) بە مانای ( منداڵ مردن ) و ( منداڵ چوون ) دێت . ئەم لێکدانەش دروستە و لە ڕووی واتاشەوە پەسەندە . ئەوەی زیاتر جێی سەرنج و تێڕامان بێت ئەوەیە ، کە لە زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکاندا وشەی ( زاور ) و ( زارۆ ) لەگەڵ وشەی ( چوون )دا بەکارهاتووە . بەڵام وشەی ( زراو ) لەگەڵ وشەکانی ( تۆقین ) و ( نەمان ) و ( بردن ) دا دەردەکەوێت . بۆیە پێویستە پێکهاتەی ( زراو ) لێکبکرێتەوە ، وەك :

- زر ( زەرد ) + ئاو > زراو ( زەرداو ) . ( کیسەی زەرداو ) کە دەکەوێتە لای جەرگەوە )

لە ئـەنجامی لـە ناوچـوونی دەنگـەکانی ( ە ، د) دا ، وشـەکە لـەو پێکهاتەیـەدا لـە قـاڵبی (زر) د مەیيوە . ئاشکرا و ڕوونە وشەی ( زەرد ) بە ( زەر ) بەکار دێت ،وەك: (کلاوزەر) هەر بۆیەش دەشێت بڵێی ( زراوتۆقین ) ، بەهەمان شێوە ترسناکە بۆ سەر مرۆڤ چونکە تەقینی زراو مرۆڤ بەرەو مردن دەبات . یان ڕەنگ لەکاتی پێڕاگەیاندنی هەواڵێکی ناخۆش بە کەسێك ببێتە هۆی تەقاندنی ( زراو )ی و ومردنی . بۆیە ئەم وشانە لەکاتی ترس و بیمدا بەکاردێت . دیسانەوە ( زارۆ چوون ) یش ڕەنگە هەمان هێز و کاریگەری زیاتری هەبێت . بۆیە هەر دوو وشـە لـەلای ئاخێوەری کـورد بـێ جیـاوازی بـەکار دێـت و هـەموو فەرهەنگـە کوردیـەکانیش ئاماژەیان بە هەر دوو وشەکە داوە و بەیەك ( مانا ) شرۆڤەیان کردووە .

جیاوازی پێکهاتەیی مۆرفۆلۆجی هەر دوو وشە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی ، کـە هـەر یـەکێك لـەو وشان بنجێکی سەربەخۆی هەیە، جیاوازییەکە ناگەڕێتەوە بـۆ جێگـۆڕکێ کردنـی دەنگـی ( ر ) لـە هـەر دوو وشـەی ( زراو ) و ( زاور ) . بەڵکو ئەو دوو وشەیە لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە بنجیان گرتووە .

١٢ – مۆرفیمی ( زان ) وەك مۆرفیمێکی هاوواتا لە هەندێك وشەدا دەردەکەوێت و پەیوەندی بە زایینەوە نییە ، بەڵام پەیوەندییەکی واتایی هەیە لە نێوان ( زان ) و ئەو وشە نوێیەی ، کە ( زان) بووە بـە هـەوێنی ڕۆنـانی ، وەك لەم وشانەدا دەردەکەوێت :

- ئاو + تێ ( تێدا ) + زان > ئاوتێزان . (١- ترێ کە تازە دێ ئاڵ و بۆڵ بێ ٢- ئاوێ کە لە دیتنی ترشی لە زمان پەیدا دەبێ ٣- ئاوێ کە لە پاك کردنی پێواز لە چاو دێت . ) ، هەنبانە بۆرینە ل ١٣.
- ئاو + زان + ە + چاو > ئاوزانەچاو . ( ئاو تێزانی چاو ، چاو ئاوکردن ) هەنبانە بۆرینە ل ١٤.
- ئاو + زان + ە + دەم > ئاو زانەدەم . ( ئاو دە زار گەڕان ) هەنبانە بۆرینە ل ١٤.

هەنێك جاریش بۆ هەمان پێکهاتە ( زا ) ڕۆڵی تێدا دەبینێت ، وەك لەم نمونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

- ئاو بە دەما زا .
- ئاو زاییەدەمم .
- نەخێرەکەم تەواو نەکرد بەو سەرە زلە کەللەیەکی لەناو دەمم دا ... خوێنێکی گەرم ( زایە ) نێو دەم و ددانم . ( گوڵی رەش ل ٢٣٣ )

شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەندێك جار ( زا ) و ( زێ ) لەپێکهاتەی وشەیەکی لێکدراودا دەردەکەون ، کە پەیوەندییان بە چاوگی زاینەوە نییە و بەڵام دیسان دەشێت بڵێین پەیوەندییەکی واتایی هەیە لە نێوان ( زا ) و ( زێ ) ئەو ناوەی کە بۆی ڕۆنراوە ، وەك :

- ئاو+ ە+ زا > ئاوەزا .(١- زۆنگ ، زەویەکی ئاوی کەمی لێ هەڵدەقوڵێ و تەڕ و شلە ٢- ئاو دز، ئاو جز . )

،هەنبانە بۆرینە ل ١٥.

ئاوە + ە + زێ > ئاوەزێ .( ١- زەوی زەنەك، ٢- زەویەکی ئاو دەدەڵێنێ ،ئاوەزا )،هەنبانە بۆرینە ل١٥.

... هتد .

– مۆرفیمی ( زا ) لە پێکهاتەیەکی تردا لە شێوەی فرێزێکدا دەردەکەوێت ، وەك :

– ئۆجاخ زادە .

حەرام زادە .

حەڵاڵ زادە .   ...هتد

ئەم پێکهاتانەی سەرەوە لە لێکدانەوەیەك زیاتر هەڵدەگرن ، چونکە وشەی ( زایە ) دەشێت بکرێت بە (زادە ) ، وەك :

– حەرام زادە .

– حەڵاڵ زادە .

بۆیە ئەگەر ( زایە ) لە ( زایین )ەوە وەرگیرابێت مانایەکی دیکە دەبەخشێت ، وەك: ( زایەیی حەرامە ) یان (زایەیی حەڵاڵە ) ئەگەر بە ( زادە ) شرۆڤە کرا مانای ئەوەیە ، کە بە ( خواردنی حەرام ، یان حەڵاڵ ) گەورە کراوە . ئەگەر بەم جۆرە شرۆڤە کرا دەشێت بڵێین : وشەی ( زادە ) لە ( زاد ) ی عەرەبییەوە وەرگیرابێت و ئەو پێکهاتەیەی رۆنابێت . بەڵام لە پێکهاتەی ( ئۆجاخ زایە ) دا جیاوازە ناتوانین ئەو شرۆڤە کردنەی سەرەوەی بۆ بکەین چونکە

( زایە ) ئەو وشەیە لە ( زایین )ەوە وەرگیراوە ، وەك ئیدیەمێك ، کە بە کەسێك دەوترێت کە

( زایە )ی کەسێك بێت هەردەم ( ئۆجاخ ) ی رۆشن و داگیرساو بێت ، واتا خانەدان بێت . هەر لەم روانگەیەوە دەتوانین بگەڕێینەوە سەر پێکهاتەی وشەکانی ( شێرزاد و نەوزاد ) ، بەوەش شرۆڤەی بکەین کە (زایەی ) شێرە سەبارەت بە ( شێرزاد ) و زایەکی نوێیە سەبارەت بە

( نەوزاد ) . لەم بوارەدا مامۆستا هەژار ، دەڵێت : (( شێرزاد = ١- بەچکە شێر ٢- ناوی پیاوانە /ف/ بچە شێر . نەوزاد= نەوزا ، ناوە بۆ پیاو /ف/ نوزاد ، نامە سراد ))(١٩) . پاشان ، دەڵێت : (( نەوزا =تازە زاو /ف/ نوزاد )) (٢٠) . کەواتە ( زادە ) ی ئەو وشانە و هەندێك وشەی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ( زایین ) ، وەك ( نەجیب زادە ، ئەمیر زادە ، بەگزادە ... ) هەروەها مامۆستا هەژار لە ڕاڤەکردنی ( زادە ) دا دەڵێت : (( فرزەند ، بێچوی بنیادەم ( نەجیب زادە /ف/ فرزەند )) ( ٢١) . وشەی ( زاد ) لەگەل وشەی ( زاد ) ی عەرەبیدا هاوبێژە . چونکە ( زاد ) ی عەرەبی بە مانای : ((توێشوو ، خواردەمەنی ڕێگا ، ئازوخە ،

خواردەمەنی ، خۆراك ))(22) دێت . جێی ئاماژەیە لە کوردیدا ئەو ( زاد ) ەمان بەم جۆرەش بەکار هێناو ( زاددان ) بە مانای توێشوو دان . بەڵام لەوشەکانی سەرەوەدا بە مانای ( بێچوو ، نەوە ...هتد ) بەکارهاتووە دیسانەوە ئەم هاوبێژییە دەمانباتەوە بۆ هاوبێژی وشەی ( زایە ) ی کوردی و عەرەبی ، کە بە کوردی مانای ( زایین ) دەبەخشێت ، وەك : (( فیسارە کەس ( زایە ) ی لە سکە )) (٢٣) . هەروەها بە عەرەبیش ( چیاع ) دەگەیەنێت . وەك لە کوردیدا بەکارهاتووە ( زایە بوون ) ، کە بریتییە لە مردن . بەم جۆرە لە یەکالاکردنەوەی وشەکاندا هاوبێژەکانیش دەستنیشانکرا .

## ١-٣- مۆرفیمی ( زێ ) و ڕۆڵی لە بنیاتنانی وشەدا :

بەپێی ئەو پشکنینانەی سەبارەت بە مۆرفێمی ( زێ ) مان ئەنجام داوە دەگەینە ئەوەی بڵێین ،کە ئەم مۆرفێمە بە بەراوردکردن لەگەڵ مۆرفێمی ( زا ) دا زۆر بە کەمی بەشداری پێکهاتەی وشەکان دەکات ، وەك :

ا – پێشگر + ڕەگ > وشەیەکی نوێ .

هاو + زێ > هاوزێ ( بە واتای هاوتەمەن ، بەزا ) ، هەندێك جاریش وشەی ( هاوزێ ) لە قاڵبی ( ئاوزێ ) دا دەردەکەوێت . ( تاهیر صادق ل٤٢٠ )

– نە + زێ > نەزێ ( نەزۆك ) هەنبانە بۆرینە ل ٨٨٣. ...هتد .

## ب – مۆرفیمی ( زێ ) و ڕۆڵی لە بنیاتنانی وشەی لێکدراودا :

– ڕەگی ڕابردوی ( زایین ) + ناوبەند + ڕەگی ڕانەبردوی ( زایین ) > وشەیەکی نوێ.

– زا + و + زێ > زاوزێ . ( سککردنی مێیینە یەك لە دوای یەك ) فەرهەنگی خاڵ ج٢ ل٢١٣ .

( سك پڕبوونو منداڵ و بێچوو بوونە ) ، فەرهەنگی کشتوکاڵ ل١٦١ .

شایانی ئاماژە پێدانە کە ئەم وشەیە بەردەوامی نیشان دەدات ، واتە ئەو ژنەی کە منداڵی بووە و بەردەوامیشە لە منداڵ هێنان . هەر بۆیە ( زا ) بۆ ڕابردو و ( زێ ) ش بۆ داهاتوو لەو وشەیەدا کۆبونەتەوە . واتە دوو کات لە یەك وشەدا دەرکەوت و بەردەوامی نیشاندا .

- ناو + ناوبەند + زێ > وشەیەکی نوێ .

زستان + ە +زێ = زستانەزێ . ( لە دایك بووی زستان ) فەرهەنگی خاڵ چ٢ ل٢١٣ .

دەشێت لە لێکدانەوەیەکی دیکەدا ئاماژە بەوە بدەین ، کە ئەم وشە لێکدراوە لە ( زستانە +زێ ) پێکهاتبێت . بەپێی ئەم شرۆڤەیە ( زستانە ) لە ( زستان + ە ) پێکهاتووە و بووە بە ئاوەڵکردار و کاتی زاینەکە دیاری دەکات . واتە بەرخێ لە زستاندا لە دایك بووبێ بۆیە دەشێت هاوکێشەکەی سەرەوە بەم جۆرەش دابڕێژرێت :

- ئاوەڵکردار + زێ > ناوێکی نوێ .
- زستانە + زێ > زستانەزێ .
- گورگ + ە + زێ > گورگەزێ ( باران و خۆرەتاو پێکەوە /ف/ باران و افتاب)

هەنبانە بۆرینەل٧٠٦

- شفتە + زێ > شفتەزێ . ( ژنێ کە زۆر زگ و زا دەکا /ف/ زنی کە زیاد زایمان کند ) هەنبانە

بۆرینەل٤٧٠

ئەم وشە لێکدراوە لە چەند قاڵبێکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت ، وەك :

- شفتە + ژە > شفتەژە . ( لە زاری ئەردەڵانیدا بەکار دێت ) خاڵ چ٢ ل٣٢٣ .

( زکپڕێ کە مناڵی شیرەخۆرەی هەبێ ) هەنبانە بۆرینەل٤٧٠

- شفتە + ژێ > شفتەژێ (سکپڕبوونەوەی ژن لە کاتێکا کە مناڵی شیرەخۆرەی بە بەرەوەبێ )

خاڵ چ٢ ل٣٢٣

( ژن یان حەیوانێکە هەموو ساڵێ بێچوو منداڵی بێت ) فەرهەنگی کشتوکاڵ ب٢ ل٧ .

لە ئەنجامی هەموو لێکدانەوە فەرهەنگییەکاندا دەگەینە ئەوەی بڵێین وشەی ( شفتەزێ ) لە چەند قاڵبێکی دیکەدا خۆی دەنوێنێت و بەپێی ژینگە گۆڕانی دەنگی بەسەردا دێت . واتە وشەی ( زێ ) گۆڕانێکی فۆنەتیکی بەسەردا هاتووە و بە هۆی کارتێکردنی دەنگی ( ش ) ی سەرەتای وشەی ( شفتە ) وە ( زێ ) بووە بە ( ژێ ) چونکە ئەو دوو دەنگە ( ش ، ژ ) هاوشوێنن و شوێنی درکاندن و دروستبوونیان یەکە و ئاخێوەر دەتوانێت بە ئاسانی و خێراتر گۆی بکات .

سەبارەت بە وشەی ( شفتە ) و بەپێی لێکدانی مۆرفۆلۆجی وشەکە بە واتای ( تێکچوون ، شێوان ) دێت . کە ئافرەتێك لە زایندا تووشی شێوان دێت . بۆیە پێی دەوترێت ( شفتەزێ ) یان ( شفتەزێ ) .

ئەنجام :

لە ئاکامی ئەم لێکۆڵینەوەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :

١- چاوگی ( زاین ) لە چەند قاڵبێکی تردا خۆی دەنوێنێت و بەپێی ژینگە دێتە گۆڕین ، وەك : ( زایین ، زاین ، زان ، زاهین ، زەهین ، زهین ..) .

٢- چاوگی ( زاین ) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بنیاتنانی وشەی زمانی کوردیدا .

٣- ئەم چاوگە هاوبێژییەکی لەگەڵ ڕەگی چاوگی ( زانین )دا دروستکردووە و لە نێو فەرهەنگەکاندا تێکەڵی دەبینرێت .

٤- بەپێی لێکۆڵینەوە ڕەگی چاوگی زاین ( زا )یە و مۆرفێمەکانی کات وەردەگرێت ، کە ( أ ) بۆ کاتی ڕابردووە ، ( ێ )ش بۆ کاتی ڕانەبردووە . ئەنجام ئەم ڕەگە لە پێکهاتەی ( زا + ا ) و ( زا + ێ ) دا دەردەکەوێت . لە یەکەمدا دوو ( أ ) تێکەڵ بەیەك دەبن و لە دووەمیشدا ( أ ) دەتوێتەوەو ( ێ )ی بزوێن جێگای دەگرێتەوە . ئەمیش بۆچوونێکی نوێیە و ئەوە دەردەخات ، کە ئەم چاوگە تەنها یەك بنجی هەیە و لەگەڵ وەرگرتنی مۆرفیمی کاتدا ڕوخساری دەگۆڕێت .

پەراوێزەکان :

١- د. شێرکۆ بابان ( ٢٠٠٠ ) شرۆڤەکاری لە زمانی نووسین دا ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ل٧٤

٢- د . محمد معروف فتاح ، ( ١٩٩٠ ) هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ( ١٢٥ ) بەغدا ، ل٨٩ .

٣- ٤- گیو موکریانی ( ١٩٦١ ) فەرهەنگی مەهاباد ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر ، ل٣٢٢ .

٥-٦- محەمەدی خاڵ ( ١٩٦٤ ) فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی کامەران ، جزمی دووەم ، سلێمانی ل٢١٢ .

٧ - جگەر خوێن ( ١٩٦٢ ) فەرهەنگا کوردی ، هەژمارە ( ١ ) ، بەغدا ، ل١٠٩ .

٨ -٩-١٠- هەژار ( ١٣٨١ ) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی سروش ، تاران ، ل٣٧١ .

١١ -١٢- عەباسی جەلیلیان ( ٢٠٠٤ ) فەرهەنگی باشوور ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، ل٣٦٧ .

١٣ – د. وريا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ ) چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر ، ل٩٢

١٤ – د. وریا عومەر ئەمین ( ٢٠٠٤ ) چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ، دەزگای ئاراس، هەولێر، ل١٢٥.

١٥ – – پ.د . محەمەد مەعروف فەتاح(١٩٨٩ ) کارپۆلێن کردن بەپێی رۆنلن ( گ،ر ، ن ) ژ ١٢٤، بەغدا، ل٤٥،٤٠ .

١٦ – پ.د . محەمەد مەعروف فەتاح ، م سەباح رەشید قادر ( ٢٠٠٦ ) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی ، چاپخانەی روون ، سائیمانی ، ل١٥ .

١٧ – اشواق محمد النجار ، دلاله اللواصق التصريفيه في اللغه العربيه ، گ١ ، دار دجله ، المملكه الاردنيه ، ٢٠٠٧ .

١٨– محەمەدی خاڵ ( ١٩٦٤ ) فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی کامەران ،جزمی دووەم ، سلێمانی ل٢٣٢.

١٩ – هەژار ( ١٣٨١ ) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی سروش، تاران ،ل٤٩٨.

٢٠ – ٢١ – هەژار(١٣٨١) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی سروش،تاران ،٨٨٨.

٢٢ – رزگار کەریم ( ٢٠٠٧ ) فەرهەنگی دەریا ، چاپخانە مەهارەت ، ایران ، ل٣٥٨ .

٢٣– محەمەدی خاڵ ( ١٩٦٤ ) فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی کامەران،جزمی دووەم ،سلێمانی ،ل٢١٣.

سەرچاوەکان :


١ – د . ئازاد ئەمین باخەوان ( ٢٠٠٦ ) مۆرفیمەکانی (گا ) لە زمانی کوردیدا ، گۆڤارا زانکۆیا دهوك ، بەرگی (٩) ، ژمارە ( ٢ ) ، دهۆك .

٢– د. ئەورەحماني حاجي مارف ( ١٩٧٥ )،وشەی زمانی کوردي،چاپخانەي کۆری زانیاری کورد ، بەغدا .

٣– د. ئەورەحماني حاجي مارف ( ١٩٧٩ )، رێزماني کوردي ، بەرگي یەکەم (مۆرفۆلۆژی ) ، بەشی یەکەم (ناو) ، بەغدا .

٤ – تاهیر صادق( ١٩٩٨ ) فەرهەنگی تاهیر صادق ، سلێمانی .

٥– جگەر خوێن ( ١٩٦٢ ) فەرهەنگا کوردی ، هەژمارە ( ١ ) ، بەغدا ، ل١٠٩ .

٦ – رزگار کەریم ( ٢٠٠٧ ) فەرهەنگی دەریا ، چاپخانە مەهارەت ، ایران.

٧– د. شێرکۆ بابان (٢٠٠٠) شرۆڤەکاری لە زمانی نووسین دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ،هەولێر.

٨- عەباسی جەلیلیان ( ٢٠٠٤ ) فەرهەنگی باشوور ، چاپی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر .

٩ - عبدالله شالی ( ١٩٧٦) ، ڕابەری قوتابیان بۆ چاوگ و بۆ فرمان ،چاپخانەی( دار الجاحظ)،بەغدا .

١٠ - گیو موکریانی ( ١٩٦١ ) فەرهەنگی مەهاباد ، چاپخانەی کوردستان ، هەولێر .

١١- محەمەد ڕەزای باتینی( ١٩٩٣) ، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر ڕێزمان ،وەرگێڕانی حەسەنی قازی ،سوید .

١٢ - د . محمد معروف فتاح ( ١٩٨٤ ) ، زمانەوانی ، دار الحكمه للگباعه والنشر ، اربيل .

١٣- د . محمد معروف فتاح ، ( ١٩٩٠ ) هەندێ تێبینی دەربارەی ئاوەڵناو لە کوردیدا ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ( ١٢٥ ) بەغدا .

١٤- پ.د . محەمەد مەعروف فەتاح ، م سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٦ ) چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی ، چاپخانەی روون ، سلێمانی .

١٥ - د.محەمەدی مەحوی ( ٢٠٠١ ) ،زمان و زانستی زمان ، بەرگی یەکەم ، چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی .

١٦ - محەمەدی خاڵ ( ١٩٦٤ ) فەرهەنگی خاڵ ، چاپخانەی کامەران ، جزمی دووەم ، سلێمانی .

١٧- معروف قەرەداخی ( ١٩٧٢)، فەرهەنگی کشت و کاڵ ،بەرگی یەکەم ،چاپخانەی دار السلام ، بەغدا .

١٨- هەژار ( ١٣٨١ ) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی سروش ، تاران .

١٩- د. وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٤) چەند ئاسۆیەکی زمانەوانی ، بەرگی یەکەم ، دەزگای ئاراس ، هەولێر .

**نامەی زانکۆیی :**

١- ئازاد ئەمین باخەوان (١٩٩٨) ، مۆرفیمەکاني (ە) لە زماني کورديدا (ك . خ) ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی بەغدا ، کۆلێژی پەروەردە – ئیبن روشد ، بەغدا

٢- لەیلا جەلیل عەباس (١٩٩٨) ، مۆرفیمي (ێ) لە هەردوو دیالێکتي کرمانجي خواروو و ژووروويِ زماني کورديدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی بەغدا ، کۆلێژی پەروەردە – ئیبن روشد ، بەغدا .

٣- نازەنین جەلال ئەحمەد ( ٢٠٠٤ ) وشەی لێکدراو لە دیالێکتی کرمانجی خوارووی زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی بەغدا ، کۆلێژی پەروەردە – ئیبن روشد ، بەغدا .

٤ - عومەر مەحمود کەریم ، ( ٢٠٠٤ ) کاری تێپەڕ و تێنەپەڕ لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی بەغدا ، کۆلێژی پەروەردە – ئیبن روشد ، بەغدا .

سەرچاوەی عەرەبی :

١- ستيفن اولمان ، دور الكلمة فى اللغة ، ترجمة كمال محمد بشر ، ط١٠ ، القهرة ، ١٩٨٦ .
٢- فردينان دىسوسور ، علم اللغة العام ، ترجمة الدكتور يوئيل يوسف عزيز ، مطبعة دار افاق عربية ، بغداد ، ١٩٨٥ .
٣- اشواق محمد النجار ، دلالة اللواصق التصريفية فى اللغة العربية ، ط١ ، دار دجلة ، المملكة الاردنية ، ٢٠٠٧ .
٤- محمد على الخولى ، النظرية التحويلية واللغة العربية ، مجلة كلية التربية جامعة الرياض ، العدد الاول ، الرياض ، ١٩٧٧ .
٥- الدكتور محمود السعران ، اللغة مقدمة للقارىء العربى ، دار الفكر العربى ، مصر ، ١٩٩٢ .

## خلاصة البحث

وقد تناولت هذه الدراسة موضوع المصدر ( زاين ) في اللغة الكوردية ، بسبب الدور الكبير الذي يلعبه هذا الموضوع في هذه اللغة ، فضلا عن ندرة هذا الموضوع وقلة الدراسات التي تطرقت الى صلب هذا الموضوع ، لذا نرى من الضروري تناوله ودراسته بشيء من الدقة والتفصيل .

ان لجذر( زا ) دور كبير في بناء الالفاظ الكوردية ، وبخاصة الالفاظ الاشتقاقية والمركبة . وقد توصل البحث الى جملة من النتائج ، لعل من ابرزها بيان الغموض الذي اكتنف جذر هذا المورفيم مع جذر مورفيم ( زانين / زا ) .

فضلا عن ان هذه الدراسة تمكنت من كشف جملة من الكلمات من حيث التكوين وتسليط الضوء عليها .

وبين الدراسة ايضا ان جذر هذا المصدر ( زاين ) هو ( زا ) فحسب ويأخذ جذر مصدر ( زاين )مورفيمي ( ا ، يَ ) لبيان زمني الماضي والمستقبل وهما ( زا ) و ( زيَ ) .

وفي الختام توصل الباحث الى جملة من النتائج الجديدة ، ومن الجدير بالذكر تقترح الدراسة ان تعتمد الدراسات على المصدر في تناولها للكلمات .

واخيرا ينبغي الاشارة الى ان نماذج هذه الدراسة قد اخذت من اللهجة الكرمانجية الجنوبية .

Dr. Azad Ameen Bakhwan
Lecturer
College of Education
University of Kirkuk

Dr. Layla Jaleel Abaas
Lecturer
College of Education
University of Kirkuk

## Abstract

The current paper tackles the Infinitive "zain" in Kurdish language because of the big role this subject plays in this language, in addition to the rarity of it in different studies. Hence, it needs a detailed and precise research.

The root / za- / plays a great role in the construction of Kurdish words, especially in derived and compound words. The paper has arrived at a series of conclusions, the most significant of which is disambiguating the root of this morpheme with the morpheme root (/ zaneen / za).

In addition, the study sheds light an a number of words regarding their construction.

The study also states that the root of the morpheme ( zain ) is only / za- / , and the morpheme root / zain /takes both morphemes / a / , / j / to show past and future time .

Finally, the research arrived at some new conclusions of great value for other future studies.

It is worth mentioning that the data collected are from the southern Kirmanji dialect .